# نامەیەکی مەلا عەلی مامەجەلکەیی بۆ سادق بەهائەددین

ئا: هێمن عومەر خۆشناو

کەرکووک- ڕەحیماوە
١٩٧١/١١/٥

بۆ برا گەورەی خۆم شێخ صادق بەهائەددین بامەڕنی(١)
بەڕێز

لە سەرەتاوە دەستت ماچ دەکەم و ئەحواڵت ئەپرسم و لە یەزدانی پاک ئەخوازم کو هەمیشە دڵ خۆش و ساخ و سەلامەت بیت.

ئەزبەنی لە ڕۆژا پێنج شەمبی ڕێکەوتی ٣٠/ هەیڤا چریا یەکێ ل سالا ١٩٧١ دا من وتارەکا تە دی لە ڕۆژناما هاوکاری دا، کو تە باسی دەرسا نهێ تێدا کربی... ڤێجا گەلەک کەیفا من پێ هات کو تە (تێم) و زاراڤایی (گاڵە = لغة)ی(٢) کوردی تێدا ڕاڤە کردبوون.

بەڵام تشتەک ئێت هەی گەلەک لازم و پێویستە کو بێتە گۆتن لەو دەرباسەدا، ئەویش ئەڤەیە کوو ئەگەر هووین – جەماتا کوردێن بادینی- بڤێت هەزمان و نڤیسینا کوردی یەک ڕەنگ و یەک ڕێ ببیت، لازمە هووین(٣) تێ بکۆشن و هەول بدەن بۆ یەک بوونا هەزمانا کوردی لە نڤیسین و لە گۆتن دا.

ڤێجا ئەرکەکە مەزن ئێت هەی لەسە(٤) حەمی گاڵەوان (لغویون) و (وێژەوان) و هونەرمەندانی گەلی کورد، کو بیر و ڕای خۆیان بخەنە کار بۆ لێک نێزیک کردنا شێوەو زاراوایا کوردێن بادینی و سۆرانی.

بۆ نموونە: ئەز نووکە پیچەک بێژەیان دێ نڤیسم:

١-بێژین = گۆتن : بادینانی
بێژتن = وتن : سۆرانی
٢-وانەگۆ = دەرس گۆ = وانەبێژ = دەرس بێژ (یا)(٥) = مامۆستا= فێرکەر: سۆرانی
سەیدا = زانا= مەلا = بادینانی
بێژراو = هاتیە بێژین : سۆرانی
بێژەر = بێژەگۆ : سۆرانی
تشت بێژ = بێژەر : بادینانی
تشتێت هاتیە بێژین = شتی بێژراو : بادینانی
ئەوی گۆت: ئەو ئەبێژی : بادینانی
ئەو وتی: ئەو ئەڵێ : سۆرانی
تاک = یەک : سۆرانی
کۆمەڵ = جەمع : سۆرانی = کۆ
وشەی ڕەگەزی (الكلمة الاصلية) (سادە)
بێژەی ڕەگەزی (چاووگی) = بێژەی نەژادی (الكلمة الاصلية)
وشەی خۆڕوو (خۆڕی) (الكلمة الاصلية) (سادە)
واژە = وشە = (كلمة)

وە گەلەک دەستوور و قانوون (دەستیر و قانین) ئێت هەینەو ناهەموارن لەناو گاڵەی(٦) سۆران و بادینان، بەڵام ئەبێ حەمیان هەموار بکەین، کو خودێ حەز بکات.

ئەزبەنی من هەندەک پەرتووکا ڕێزمانا کوردی دانایینە، وە هەندەکیش من لە باسی تەرازووی هۆنراو (میزان الشعر) دانایینە و کتێبەکا پێنج جزمی من دانایە لە تاکە وشەکانی کوردی ئێت سۆرانی و ئێت بادینانی دوو هەزار پەڕن: وە من دوو کتێبیش لە هەزمانا ئینگلیزی بۆ کوردی ئیتر زمان کردینە (ترزمان) کرینە = (تەرجەمە)، وە دو کتێب من دانایینە یەک بە عەرەبی ئێدیش بە کوردی لە باسی ئەلف و بیتکا لاتینیا نوێ، مرۆڤ دێشیت هەمی هەزمانا دنیایێ بەوان بنڤیسیت... بەڵام دڵ بە داخم کو تا نووکە، من پێ چێ نەبی یە کو ئێکێ ژوان چاپ بکەم، لەبەر بێ ئابووریا خۆم.

ئەزبەنی پەڕتووکەکانی من گەلەک سەرچاوەیەکی زانیاری مەزنن بۆ قەواعید و زانیاری گاڵەی کوردی، وە ئەگەر تە تشتەک لە باسی ڕێزمانێ کوردی پێویست، ئەز لێرهە ئامادەو کەمەربەستەمە بۆ حەمی خزمەتێک بۆتە وە ئەز هێڤی ژ تە دکەم کو درووودا من (سلامی) رابگەهینی بە سەرۆک نڤیسەری رۆژنامەی هاوکاری = Hawkari. پشتی وێ قسێ، من نەختێ خواستە، ئێت هەینە لەنک وی، ئەز گەلەک حەز دکەم کو ئەو گۆهـ بداتە من، وە دووانەکەم جێ بەجێ بکا.

١- وشەی (پەرە) کە ماناو مەبەستەکەی عەیب و عار و شوورەیی یە، هەرگیزاوهەرگیز بلا نەشۆرینی و بەکاری نەیەنی بۆ مانای (فرەوان)، بەڵکو ئەبێ فرەوان

بەکاربێنیێ، بۆ نموونە:
پەرەی سەند= زیادی کردو فرەوان بوو (پت بوو)
پەرەی پێ سەند = فرەوانی کردو زیادی کرد (پتی کرد)
پەرەبوو = (بڵاوبووەوەو بازنەی فرەوان بوو)
پەرەسەندن = فرەوان بوون
پەرە پێ سەندن = فرەوان کردن
پەرەبوون = فرەوان بوون

وە لەم شوێنانە هەر ئەبێ واتا (تەفسیر)ـەکەی لە جیاتی خۆی بنووسرێ و بگۆترێ، چونکە لە گاڵەی کوردی دا ئەوترێ: فیسار کچ جوانێکی بێ پەرەیە: واتە: جوانێکی بێ عەیب و بێ کەمی و کووڕی و نەنگییە.
پەرەدار = عەیبدار
بەپەرە = بە عەیب
تووشی پەرەیەک هاتووە= تووشی عەیبێک بووە.

بێژەی (پەرە) لە ڕەگەزی خۆیدا و لە گاڵەی کوردی پەتیدا، بریتییە لەم پەڵە زەوییەی کە کێڵراو بێ و گاسن پەڵە زەوییەکەی جێ هێشتبێ و بە نەکێڵراوی لەناو زەوییەکەدا مابێتەوە، ئەوەش عەیبێکی زلە بۆ زەوی کێڵراو، ئینجا لە دواییدا بەکارهێنراوەو شۆرانراوە، بۆ گشت جۆرە عەیبێک.

ئەوترێ (پەرە) کەوتووە= زەوی بە ئاوی باران تێراو بووە.
(پەرەی داوە) = خوا، زەوی تێراو کردووە.
(پەرە پێدان) لە گاڵەی کوردی پەتیدا، نەهاتووە کە بە


وە ئەوترێ: ئەز خەربەندەمە، ساڵێ
دوازدە مانگان دوو هێستران ئەشۆرێنم
هێشتا تیرامنیان لێ پەیدا نابێ:
شۆراندن = گێڕان و تەصەڕڕوف کردن.
شۆراندی = گێڕای و تەصەڕڕوفی کرد
ئەشۆرێنی = ئەگێڕی و تصرفی ئەکا
شۆرێنەر = خاوەن شۆراندن: ناوار (اسم فاعل)
شۆرانراو = گێڕراو : ناوارلۆ (اسم مفعول)
شۆرانگە = جێگای شۆراندنی شتێک: شت دان (ظرف)
شۆران ئار = هۆی شۆراندن = (مفعول لاجله)
پێ شۆراندن = ئامرازی شۆراندن = (اسم الالة)
ئەزبەنی بلا چیدی درێژەی نەدەمێ و سەرێ
تەژ بلا نەهێشینم، خودێ یارمەتی حەمیان بدا
کارگوزارت
ملا علی مامە جەلکەیی
وانەبێژ لە خوێندخانەی
(دارامان) لە کەرکوک

مەبەستی (فرەوان کردن و زیادکردن بێ)، بەڵام بە ڕاستی لەناو نویسەرەکان بە تێکڕایی، بازنەی شۆراندنی بەرین و فرەوان بووە بۆ مەبەست و مانای (پان و بەرین و فرەوان کردن).

هیواتان لێ ئەکەم هەرگیز وشەی (بەکارهێنان) لە جیاتی (شۆراندن) مەنووسن، چونکە (بەکارهێنان) ماناکەی (بە گەڕخستن)ـە ئەوەش دوورە لە شۆراندن.

هیوام وایە بێژەی (شۆراندن) بشۆرێنرێ لە جیاتی (بەکارهێنان)، چونکە ڕوونتر و کورتترە.

ئەوترێ: دوو جوتان ئەشۆرێنم هێشتا بەشم ناکەن

وە ئەوترێ: ئەز خەربەندەمە، ساڵێ دوازدە مانگان دوو هێستران ئەشۆرێنم هێشتا تیرامنیان لێ پەیدا نابێ:
شۆراندن = گێڕان و تەصەڕڕوف کردن.
شۆراندی= گێڕای و تەصەڕڕوفی کرد.
ئەشۆرێنی= ئەگێڕی و تصرفی ئەکا.
شۆرێنەر = خاوەن شۆراندن : ناوار (اسم فاعل)
شۆرانراو = گێڕراو : ناوارلۆ (اسم مفعول)
شۆرانگە = جێگای شۆراندنی شتێک: شت دان (ظرف)
شۆران ئار = هۆی شۆراندن = (مفعول لأجله)
پێ شۆراندن = ئامرازی شۆراندن (اسم الاله)(٦)

ئەزبەنی بلا چیدی درێژەی نەدەمێ و سەرێ تەژ بلا نەهێشینم، خودێ یارمەتی حەمیان بدا.

ئەز گەلەک سلاڤا لە سەیدایێ خۆ دکەم (سەیدا شێخ عبدالحمید ئەترووشی)

مەلا عەلی مامەجەلکەیی (امام فوج سابقا)

ئیمزا
کارگوزارت
ملا عەلی مامەجەلکەیی
وانەبێژ لە خوێندخانەی (دارامان) لە (کەرکوک)

**پەراوێزەکان:**

**١- ئامێدی: مامۆستا صادق بەهائەددین خەڵکی ئامێدییە و بەردەوام ئەمە نازناوی بووە.**

**٢- لغە: دەبێت (لغة) وەک وشەیەکی عەرەبی بنووسرێت.**

**٣- هووین: لە کرمانجیدا بەم شێوەیە نانووسرێت، بەڵکو (هوون، هوین، هن).**

**٤- لەسە: دەبێت ئەم وشەیە (لەسەر) بێت.**

**٥- (با): مەبەستی (بادینی)یە و دەبوا (سۆرانی)یش بە (سۆ) نووسرابوایە.**

**٦- گاڵە: ئەم وشەیە کە بە مانای (لغة) بێت، هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، ئەوە سۆرانی و بادینانی دوو زمان نین، بەڵکو .....**

**٧- (اسم الاله): دەبێت (اسم الالة) بێت.**

**(ڕامان)**